Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10233

# ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە پێکهێنانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی لای خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)

**یەحیا عومەر ڕێشاوی، ئۆراڵ ئەبوبەکر حسێن**

بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا، ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش گەشەکردنی بەرچاویان بەسەرداهات و لەنێوان خۆیاندا کەوتنە کێبڕکێ تا زۆرترین کاریگەریی لەڕووی ڕووخسارو ناوەرۆکەوە لەسەر وەرگر دروستبکەن. لەم نێوەندەدا پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە پشتبەستن بە تۆڕی زانیاری جیهانیی (ئینتەرنێت)، وەك یەكێك لە دەرهاویشتە و بەرهەمەکانی ئەو دۆخە هاتنە کایەوە و لەڕێگەی شێوازو ئامرازە فراوانەکانیەوە ڕۆڵو کاریگەریی لە پێکهێنانی هۆشیاریی تاك بەگشتیو هۆشیاریی ڕۆشنبیریی بەتایبەتی، هەیە.

توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی وەسفییەو پشتبەست بە ڕێبازی ڕووپێویی و ئامرازی (فۆرمی ڕاپیوی) بەشێوەی مشتەی هەرەمەکیی هێشوویی لەناو خوێندکارانی زانکۆ حکومییەکانی هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا، کە بریتین لە زانکۆکانی (سەلاحەدین – هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە)، داتا و زانیارییەکان کۆکراونەتەوە.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: زانینی قەبارەی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لای خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها زانینی ئەو بابەتە ڕۆشنبیرییانەی، کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بڵاویدەکەنەوەو بەلای خوێندکارانی زانکۆوە گرنگن، لەگەڵ زانینی ڕادەی هۆشیاریی خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا لە بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانەوە.

توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، لەوانە: زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا بەڕێژەی (٨٣٪) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەکاردەهێنن و بەپێی ئاماژەکانی پەیوەندیی ئاماریی، تاکو پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان زیاتر بەکاربهێنن، ئەوا هۆشیاریی ڕۆشنبیرییان زیاد دەکات. هەروەها زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆ بەڕێژەی (٢٠٪) بەهۆی (ئاسانی تێگەیشتن لەڕووی زمان) و بەڕێژەی (١٩٪) بەهۆی (خێرایی گەیاندنەوە) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەکاردەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێژەی (٢٤٪) (کەمیی زانیاری لەو پێگە ئەلیکترۆنییانەدا) بە گرنگترین هۆکاری بەکارنەهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا دادەنرێت. لەلایەکی ترەوە بەڕێژەی (٣٢٪) بەکارهێنانی ڕۆژانەی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەلایەن خوێندکارانی زانکۆوە بریتییە لە (١-٢) کاتژمێری ڕۆژانە. هەروەها پێگە ئەلیکترۆنییە (فێرکارییەکان)، بەڕێژەی (١٨٪) لە دیارترین جۆری پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییە بەکارهێنراوەکانن لەلایەن خوێندکارانی زانکۆوە لە هەرێمی کوردستاندا.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

ڕۆڵ، پێگە ئەلیکترۆنییەکان، هۆشیاریی ڕۆشنبیریی

***Corresponding Author***

**yahya.fatah@spu.edu.iq**

**oral.abubakir.h@spu.edu.iq**

## پێشەکی

پێگە ئەلیکترۆنییەکان، وەک یەکێک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ، بەردەوام جێی مشتومڕی توێژەران و پسپۆڕانی بواری میدیایە، بەوپێیەی بە پاڵپشتی تۆڕی ئینتەرنێت زۆرترین تایبەتمەندیی و خزمەتگوزاریی لەخۆدەگرێت، کە بەهۆیانەوە پەیامەکان بەشێوەیەکی خێراو هەرزان و ئاسان دەگاتە وەرگر. لە هەرێمی کوردستانیشدا هەرزوو درک بە گرنگیی ئەم ئامرازە

نوێیە کراو لە ئێستادا پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەوپەڕی ئاستی تەکنیکیدا کێبڕکێی ئامرازەکانی دیکەی میدیا دەکەن.

هەروەها هۆشیاریی ڕۆشنبیریی، چەمکێکی کۆمەڵناسیو دەروونناسی فراوانە، کە بەردەوام لەگەڵ ئامرازەکانی میدیادا ناوی دێت، بەوپێیەی هەر ئامرازێکی میدیا سەیربکەین یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی بریتیە لە هۆشیارکردنەوەی تاكو دروستکردنی کاریگەریی لەسەر وەرگر، شانبەشانی جۆرەکانی تری وەك: هۆشیاریی سیاسی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، وەرزشی،...هتد.

ئەم دوو چەمکە پەیوەندییەکی تەواوکاریان پێکەوە هەیە، چونکە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەردەوام بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لەسەر بابەتێکی دیاریکراو پەیامەکانی بلاودەکاتەوە، هەروەها هۆشیاریی ڕۆشنبیرییش بەردەوام پێویستی بە یەکێک لە ئامرازەکانی میدیا هەیە بۆ گەیشتنی بە وەرگر، بۆیە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەیەو ناتوانرێت بەئاسانی لێک جیابکرێنەوە.

لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدراوە لە ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە پێکهێنانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریدا بکۆڵرێتەوە، بەتایبەتی لای خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا، ئەویش لەڕێگەی چوار باسی سەرەکییەوە:

باسی یەکەم بریتییە لە ڕێبازنامەی توێژینەوەکە، کە لە کێشە، گرنگیی، ئامانج، جۆرو ڕێباز، سنورو بوار، ئامراز، کۆمەڵ و مشتە و پێناسەی زاراوەکان پێکهاتووە.

باسی دووەم باس لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەکات، کە لە چەمک و پێناسەو تایبەتمەندییەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان، هەروەها سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستاندا و جۆرەکانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، پێکهاتووە.

باسی سێیەم باس لە هۆشیاریی ڕۆشنبیریی دەکات، کە لە چەمك و پێناسەو تایبەتمەندییەکانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی، جۆرەکانی هۆشیاریی، کاریگەریی میدیا لە پێکهێنانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریدا، پێکهاتووە.

باسی چوارەم لایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، کە لە تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی مشتەی توێژینەوەکەو وەڵامەکانیان سەبارەت بە پرسیارەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، پێکهاتووە.

لە کۆتاییشدا دەرەنجامەکان، ڕاسپاردەکان و سەرچاوەکان، هەروەها پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، خراونەتەڕوو.

## باسی یەکەم/ ڕێبازنامەی توێژینەوە

### 1-1/ کێشەی توێژینەوە

لە ئێستادا پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبوونەتەوەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەیان بەرەو زیادبوون دەچێت و بە شێوازی جیاوازو ناوەڕۆکی هەمەڕەنگ پەیامەکانیان بۆ وەرگر دەنێرن، کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە خۆی لە پرسیارێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە: (ئایا پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان چ ڕۆڵێکیان هەیە لە پێکهێنانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی لای خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا؟)، لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرسیارە سەرەکییەدا، دەتوانرێت کێشەی توێژینەوەکە لە چەند پرسیارێکی لاوەکیدا دابڕێژرێتەوە:

1- ئاست و قەبارەی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لای خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا لە چ ئاستێکدایە؟
2- دیارترین ئەو بابەتانە کامانەن، کە مشتەی توێژینەوەکە گرنگییان پێدەدەن لەسەر پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان؟
3- ئایا پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان دەتوانن هۆشیاریی خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا زیاد بکەن؟
4- دیارترین ئەو جیاوازییانە کامانەن، کە لەنێو مشتەی توێژینەوەکەدا ڕوودەدەن لە بەکارهێنانی پێگە ئەلکترۆنییەکان و هۆشیاریی ڕۆشنبیریان بەپێی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی (توخم، تەمەن، باری ئابووری، زانکۆ، کۆلێژ)؟

### 2-1/ گرنگیی توێژینەوە

هەر توێژینەوەیەك گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، بەوپێیەی ناونیشانێکی نوێی هەیەو بە میتۆدو شێوازی جیاواز لەوانی دیکە ئەنجام دەدرێت، بۆیە ئەم توێژینەوەیەش لە چوارچێوەی ئەو ناونیشانەی بۆی دیاریکراوەو کاری لەسەر دەکرێت بایەخ و گرنگیی خۆی هەیە.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا ڕەنگدەداتەوە:

1- کەمیی توێژینەوەی ئەکادیمیی دەربارەی ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە پێکهێنانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی لە هەرێمی کوردستانداو بەپێی سنوری زانیاری و بەدواداچوونی توێژەران، ئەم توێژینەوەیە دەبێتە یەکەم توێژینەوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دەربارەی (ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە پێکهێنانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی)، بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ لەو ڕووەوە.
2- خستنەڕووی ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە پێکهێنانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی لای خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا.

3- ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی تیۆرییەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ توێژەرانی بواری میدیا، هەروەها لە ڕووی پراکتیکیشەوە، دەکرێت ئەو کەناڵە ئاسمانیی و دەزگا میدیاییانەی پێگەی ئەلیکترۆنییان هەیە سودی لێوەربگرن.

## 1-3/ ئامانجی توێژینەوە

هەر توێژینەوەیەك چەند ئامانجێکی دیاریکراوی هەیەو بەمەبەستی هێنانەدی و گەیشتن بەو ئامانجانە ئەنجام دەدرێت، لێرەدا توێژینەوەکە چەند ئامانجێکی دیاریکردووە، لەوانە:

1- زانینی قەبارەی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لای خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا.
2- زانینی ئەو بابەتە ڕۆشنبیریانەی، کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بڵاویدەکەنەوەو بەلای خوێندکارانی زانکۆوە گرنگن.
3- زانینی ڕادەی هۆشیاریی خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا لە بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانەوە.

## 1-4/ جۆرو ڕێبازی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی ڕووپێوی. بەپێی ڕای زانایان و پسپۆڕان توێژینەوەی وەسفیی دیارترین میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانە، بەتایبەتیش لە بواری پەروەردەو سایکۆلۆژیاو کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندندا، بەرفراوانترین میتۆدەو تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە، کە جەخت لەسەر دیاردەو ڕووداوەکانی ئێستا دەکەنەوە.

## 1-5/ سنورو بواری توێژینەوە

سنوری توێژینەوەکە بەسەر چوار بواری جیاوازدا دابەشبووە، کە ئەمانەن:

1- بواری شوێن: زانکۆکانی (سلێمانی، سەلاحەدین – هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە) لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
2- بواری کات: پاڵپشت بەو کاتەی توێژەران تیایدا تێبینی کێشەی توێژینەوەکەیان کردووە، کاتی توێژینەوەکە بریتییە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٢)، واتە لە (2022/1/1 تا 2022/6/30).
3- بواری مرۆیی: خوێندکارانی زانکۆ حکومییەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، وەک بواری مرۆیی توێژینەوەکە دەستنیشان کراون.
4- بواری بابەت: پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە پێکهاتەو ناوەڕۆکیانەوە، دەگرێتەوە.

## 1-6/ ئامرازی توێژینەوە

بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر لایەنی پراکتیکی، پەنابراوەتەبەر ئامرازی (فۆرمی ڕاپێوی)، کە بەشێوەی فۆرمی ئەلیکترۆنیی بڵاوکراوەتەوەو لە چەند پرسیارو بڕگەیەک پێکهاتووەو لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا وەڵامدراونەتەوە.

## 1-7/ کۆمەڵی توێژینەوە

کۆمەڵی توێژینەوەکە بریتییە لە خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا، کە ژمارەیان لە پێگەی ئەلیکترۆنیی ڕەسمیی زانکۆکانەوە وەرگیراون و لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو:

خشتەی (١)
کۆمەڵی توێژینەوە

| زنجیرە | ناوی زانکۆ | ژمارەی خوێندکاران بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١ – ٢٠٢٢ * |
|---|---|---|
| ١ | سەلاحەدین – هەولێر | ٢٣٩١٥ |
| ٢ | سلێمانی | ٢٣٠٩١ |
| ٣ | دهۆک | ٢٢٩٤٢ |
| ٤ | هەڵەبجە | ٤٢٠٠ |
| کۆی گشتی | | ٧٤١٤٨ |

## 1-8/ مشتەی توێژینەوە

لەنێو کۆمەڵی توێژینەوەکەدا، مشتەیەکی هەڕەمەکیی هێشوویی، کە ژمارەیان (482) خوێندکارە، بەپێی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی (توخم، تەمەن، باری ئابووری، زانکۆ، کۆلێژ)، وەرگیراون.

## 1-9/ پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوە

1- ڕۆڵ: چالاکییەکە لە شوێنێك، یان ئامانجێکە، کەسێك یان دامەزراوەیەك لە بارودۆخێکدا ئەنجامیدەدات، لە ڕێکخراوێکدا، لە کۆمەڵدا، یان لە پەیوەندیدا دەگێڕدرێت. (Cambridge Dictionary, 2022)
2- پێگە ئەلیکترۆنییەکان: کۆمەڵێك لاپەڕەی بەیەکەوە بەستراون لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، کە بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن تاکەکەس یان دامەزراوەیەك بەڕێوەدەبرێت و تایبەتە بە بابەتێك یان چەند بابەتێکی پەیوەست و نزیك لەیەکەوە. (Cambridge Dictionary, 2022)
3- هۆشیاریی ڕۆشنبیریی: بریتیە لە ئاستی درکپێکردنو هۆشیاریی تاك لە پارێزگاریکردن لە دابونەریتو میراتی کلتوریی و بنەما ڕەسەنەکانی لەگەڵ پاراستنیان لە هەر هەڕەشەیەك، بۆئەوەی خاڵیی بێت لە هەر کاریگەرییەکی دەرەکی. (الرويلي و اليحيى، 2017، ص140)
4- هەرێمی کوردستان: هەرێمی کوردستان لە کۆماری عێراق، بەشێوەیەکی دەستوریی وەک هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ ناسێنراوە لە باکووری عێراقدا. حکومەتەکەی (حکومەتی هەرێمی کوردستان)، کە ناوەندەکەی لە

هەولێرە، بەگوێرەی دەستوری عێراق ساڵی (2005) مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری تایبەت بە خۆی هەیە، هەرێمی کوردستان لە ئێستادا چوار پارێزگا لەخۆدەگرێت: کە بریتین لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە، ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2020) بە نزیکەی (6.2) ملیۆن کەس خەمڵێندراوە. (عوسمان، ٢٠٢١، ل٨).

## باسی دووەم/ پێگە ئەلیکترۆنییەکان ( Electronic Websites)

### 1-2/ چەمک و پێناسەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان

پێگەی ئەلیکترۆنیی چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە، لەوانە:

پێگەی ئەلیکترۆنی پرۆسەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری خێرایە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان، هاوکات لەگەڵ بەدیهێنانی کارلێکێکی زیندوو لەنێوان نێرەر و وەرگردا. هەروەها (تۆنی فیلدمان) بەوشێوەیە پێناسەی پێگەی ئەلیکترۆنی دەکات، کە بریتییە لە هەمان ئەو ناوەرۆکەی، کە بەشێوەی ئەنەلۆگ لە ئامرازە کۆنەکانی راگەیاندن بڵاودەکرایەوە، بەڵام بەشێوەی بیت و بایت ( bits & bytes)[*] لەتۆری ئینتەرنێت بڵاودەکرێتەوە، کە بەئاسانی دەتوانرێت دەستکاری بکرێت و دووبارە پەخش بکرێتەوە. (مستەفا، 2020، ل51)

لەلایەکی دیکەوە بەم شێوەیە پێناسە کراوە: بریتیە لە کەرەستەیەکی پڕ زانیاریی‌و دەشێت نووسین، وێنە، هێڵکاری، فایلی بیستراو و بینراوی جوڵاو و نەجوڵاو، وەك گۆرانی و پارچە ڤیدیۆ لەخۆبگرێت، کە بە زمانی پرۆگرام و دیزاینی تایبەت دروستکراوەو دیزاینکراوەو کۆمپیوتەر لێی تێدەگات، پاشان هەڵدەگیرێت و دەخرێتە ناو تۆڕی ئینتەرنێت بەبەکارهێنانی بەرنامەی تایبەت و دیاریکراو. (مصطفی، 2016، ص246)

لە فەرهەنگی کامبریج (dictionary.cambridge.org)دا بەم شێوەیە هاتووە: "کۆمەڵێك لاپەڕەی بەیەکەوە بەستراون لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، کە بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن تاکەکەس یان دامەزراوەیەك بەڕێوەدەبرێت و تایبەتە بە بابەتێك یان چەند بابەتێکی پەیوەست و نزیك لەیەکەوە".

لەلایەکی ترەوە پێگەی (merriam-webster.com, 2017) بەم جۆرە پێناسەی پێگەی ئەلیکترۆنی کردووە، کە "گرووپێك لاپەڕەی ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتە کە لە هایپەر (Hyperlinks) پێکهاتوون و بەشێوەی ئۆنلاین بەردەستن، و دەربارەی تاکەکەس، کۆمپانیا، دامەزراوەکانی پەروەردەو خوێندن، حکومەت یاخود دامەزراوەو رێکخراوەکانن". (احمد، 2018، ل52)

لە کۆی ئەو پێناسانەی باسکرا، دەتوانرێت پێگە ئەلیکترۆنییەکان پێناسەبکرێت بەوەی: کۆمەڵێك بەرنامە یان کۆمەڵێك لاپەڕەی بەیەکەوە بەستراون ئامادەسازیی دەکەن بۆ پیشاندانی ئەو زانیاری‌و داتایانەی لە بنەڕەتدا ژمارەن، بەڵام وەردەگێردرێن بۆ وشەو نووسین‌و وێنەو ڤیدیۆو دەنگ‌و لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر یان مۆبایل یان هەر ئامێرێکی تری زیرەك پیشاندەدرێن‌و توانای دووبارە دەستکاریکردن‌و پەخشکردنەوەیان هەیە.

### 2-2/ تایبەتمەندییەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان

پێگە ئەلیکترۆنییەکان چەندین تایبەتمەندییان هەیە، کە لە ئامرازەکانی دیکەی میدیا جیایدەکاتەوە، لەوانە:

1- کارلێکیی (Interactivity): پێگە ئەلیکترۆنییەکان ئەم شێوازە کارلێکییە بەکاردەهێنن لەرێگەی تەکنیکی دەقی زیاد (Hypertext)، کە بەستەرەکان (Links) لەخۆدەگرێت بۆ ئەو خاڵە گرنگانەی لە ناوەرۆکی هەواڵ و بابەتە بڵاوکراوەکاندا هەن وەك (پێناسە، ژیاننامە، زانیاری مێژوویی، رای پێشوو، بابەتی پەیوەندیدار).

تایبەتمەندیی کارلێکیی بەسەر دوو بەشدا دابەشدەبێت:

أ. پەیوەندیی کارلێکیی ڕاستەوخۆ: وەك بەشداریکردنی خوێنەران لە ژوورەکانی گفتوگۆ (Chatting) و بڵاوکردنەوەی ناوەرۆکەکانیان لەلایەن هەندێك رۆژنامەوە، هەروەها خزمەتگوزاریی نامەگۆڕینەوە (Messenger)، کە بەشدارە لە هێنانەکایەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەنێوان بەرپرسانی پێگەکەو نووسەران‌و پەیامنێرانی پێگەکەدا.

ب. پەیوەندیی کارلێکیی ناڕاستەوخۆ: وەك پۆستەی ئەلیکترۆنی (ئیمەیڵ)، و ڕاپرسیەکان و سەکۆکانی گفتوگۆکردن.

2- قووڵایی کۆزانیاریی: خزمەتگوزارییەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی بە قووڵیی‌و فراوانی لە کۆزانیارییدا جیادەکرێنەوە، ئەویش لەرێگەی کلیك کردن لەسەر خزمەتگوزاریی و بابەتی پەیوەندیدار بە بابەتە سەرەکییەکەوە، کە لە نەخشەسازی بنەڕەتی پێگەی ئەلیکترۆنیدا بەردەستکراوەو دواجار کۆمەڵێك زانیاریی جیاوازو جۆراوجۆر لەسەر ئەو بابەتە فەراهەم دەکات بۆ خوێنەر. (أمين، 2007، ص105-106)

3- خێرایی (Immediacy): خێرایی لێرەدا بەومانایە دێت، پێگەی ئەلیکترۆنی تا چ ئاستێك دەتوانێت لەرێگەی ئینتەرنێتەوە دوایین هەواڵ و زانیاریی بگەیەنێتە

[*] (Byte): بایت بریتیە لە یەکەی پێوانەکردنی زانیاری ژمارەیی (دیجیتاڵیی). (https://en.wikipedia.org/wiki/Byte)

وەرگرەکانی، هەروەها توانایی لە گواستنەوەی هەواڵ و ڕوداوەکان لە ساتی ڕودانیاندا.

4- تەکنیکی دەقی زیاد (Hyper Text): پێگەی ئەلیکترۆنی و تۆڕی ئینتەرنێت بەگشتی، پشت بەم تەکنیکە دەبەستن، کە وادەکات خوێنەر زیاتر قووڵ بێتەوە لە بابەتەکانداو لەپشت ناوەرۆکی بابەتەکانەوە کۆمەڵێك بەستەرو بابەتی جیاوازی دیکەی بۆ ئامادەکراوە.

5- فرەیی ژانرەکان (Multimedia): ئەگەر ڕۆژنامەی چاپکراو بتوانێت نووسین پێشکەش بکات، و ڕادیۆ دەنگ و تەلەفزیۆنیش دەنگو ڕەنگ پێشکەش بکات، ئەوا پێگەی ئەلیکترۆنی دەتوانێت لەیەککاتدا ئەو سێ ژانرە کۆبکاتەوەو لە پەیامێکی میدیاییدا بەکاریانبهێنێت. (القيسي، 2013، ص94-95)

6- ڕاستەوخۆیی و نوێکردنەوەی بەردەوام: واتای ئەوەیە، پێگەی ئەلیکترۆنی خزمەتگوزاریی هەواڵیی ساتبەسات بڵاودەکاتەوە، هەروەها خزمەتگوزارییە هەواڵییەکانی بەدرێژایی ڕۆژ نوێدەکاتەوە، کە ئەمانەش لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانن.

7- فرەیی بژاردەکانی خوێندنەوە: فرەیی لە بوارەکانی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی دەبێتە هۆی ئەوەی بواری خوێنەوەو وەرگرتنی زانیاریی بۆ هەموولایەك فەراهەم بکات، تەنانەت هەندێك گروپی مرۆیی جیاجیا هەرچەندە ژمارەشیان کەم بێت یان حەزو خولیاکان بەرتەسك بێت، بەڵام دەتوانن ئەوەی دەیانەوێت لەڕێی پێگەی ئەلیکترۆنییەوە دەستیانبکەوێت.

8- ئاسانیی پێگەیشتن: گرنگترین هۆکاری پەسەندکردنی پێگەی ئەلیکترۆنییە لەلایەن جەماوەرەوە، چونکە جەماوەر هەمیشە دەیەوێت بە کەمترین تێچوو و هەوڵدانی جەستەیی هەواڵ و زانیارییەکانی پێبگات. (أمين، 2007، ص106-107)

9- بڵاوکردنەوە لەسەر ئاستی فراوان (Global Reach): لە گرنگترین ئەو خاڵانەیە پێگەی ئەلیکترۆنی پێدەناسرێتەوە، کە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەتوانێت پەیامەکانی بگەیەنێتە دوورترین شوێنی جیهان، هەروەها لەڕووی نەخشەسازیشیەوە فراوانە بەوپێیەی زۆرترین پانتایی هەیە بۆ جێکردنەوەی نووسین و وێنەو ڤیدیۆ.

10- ئەرشیفی خێرای ئەلیکترۆنیی: خزمەتگوزاریی ئەرشیفکردنی بابەتەکان خاڵێکی گرنگە لە پێگەی ئەلیکترۆنیدا، چونکە ئاسانکاریی بۆ خوێنەر دەکات تا بتوانێت بابەت و زانیارییەکانی ڕابردوو ببینێت و سودیان لێوەربگرێت، یان ژمارە چاپکراوەکانی ڕۆژنامە بەئاسانی بەردەست بێت، جا بە نووسین یان وێنە یان ڤیدیۆ یان هەر ژانرێکی تری میدیایی هەڵگیرابێت.

11- پەرتکردن و ناجەماوەرییبوون: پێگەی ئەلیکترۆنی دەستبەرداری چەمکی کۆییبوون بووە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ بەکارهێنەرانیدا، چونکە بەرهەمێکی میدیایی وا پێشکەش دەکات، کە بگونجێت لەگەڵ ئارەزووەکانی تاکدا، واتە زیاتر بایەخ بە تاك دەدات نەك جەماوەر بەگشتی.

12- خێرایی لە پێوانەکردنی دەنگدانەوە (Feed Back): ئەو تەکنیکانەی پێگەی ئەلیکترۆنی لەسەر دروستکراوە هۆکارێکی باشن بۆ پێوانەکردنی فیدباکی جەماوەر لەسەر پەیامە میدیاییەکانو دەتوانرێت لە ماوەیەکی کورت و خێرادا ڕای جەماوەر لەسەر بابەتێك وەربگیرێت.(القيسي، 2013، ص98، 100، 101، 103)

## 2-3/ سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستاندا

دەرکەوتنی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە بەرواری (1999/9/15) بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە سلێمانی یەکەمین ناوەندی ئینتەرنێت بەناوی (سەرچنار) دامەزرا، بەڵام لە ناوەندە حزبی و حکومیەکاندا پێش ئەو مێژووەش تۆڕی ئینتەرنێت هەبووە.(مستەفا،2020،ل78)

لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لە باشووری کوردستان سەرهەڵدەدات بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و فەراهەمبوونی تەکنەلۆجیای ئینتەرنێت لەبەردەم دەزگا ڕۆژنامەنووسیەکاندا، ڕۆژنامەی خەبات لە مانگی (10)ی ساڵی (1996)دا بەشێوەی ئەزموونی خرایە سەر ماڵپەڕی (www.xebat.net)، دواتر ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە مانگی (10)ی ساڵی (1997) لەسەر ماڵپەڕی (puk.org) بڵاوکرایەوە، دواتر ڕۆژنامەی هەرێم و گۆڤاری سیخورمە لەسەر هەمان ماڵپەڕ بڵاوکرایەوە، لە ساڵانی (2003) بەدواوە زۆرینەی ڕۆژنامەو هەفتەنامە کوردیەکان بەشێوەی ئەلیکترۆنی خزمەتگوزاری ڕۆژنامەنووسییان بڵاوکردەوە. (تاڵەبانی و ڕێشاوی، 2020، ل87)

ڕۆژنامەی خەبات لە بەرواری (1996/10/1) بەشێوەی ئەزموونی، یەکەم نوسخەی ئەلیکترۆنی خۆی بڵاوکردەوەو لە (1997/1/1)ەوە بەشێوەی ئاسایی دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد بەشێوەی pdf لەسەر پێگەی (www.xebat.net) کە یەکەمین ژمارەی نوسخەی کاغەزی لە (1959/4/4)دا بڵاوکراوەتەوە. دواتر ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وەك یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان، کە

یەکەمین ژمارەی لە (1992/1/12)دا بڵاوکراوەتەوە، کۆپی ئەلیکترۆنی خۆی لە تشرینی دووەمی ساڵی (2001)دا لەسەر پێگەی (www.pukmedia.com) بڵاوکردەوە.

مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی کوردی ڕاستەقینە بەبێ کۆپی کاغەزی، دەگەڕێتەوە بۆ (1999/8/13) ئەوکاتەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی کوردی (کوردستان نێت) لە هۆڵەنداوە بڵاوکرایەوە. پاشان یەکەم ڕۆژنامەی هەفتانەی ئەهلی و ئازاد لە کوردستان بەناوی (هاوڵاتی) لە (2000/11/5) لەسلێمانی بڵاوکرایەوە، کە لە مانگی 8ی ساڵی 2000 توانی نوسخەی ئەلیکترۆنیی خۆی لەسەر پێگەی (www.hawlatinews.com) بڵاوبکاتەوە. (مستەفا، 2020، ل79)

## 2-4/ جۆرەکانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان

پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان چەندین جۆر لەخۆدەگرن، ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو جۆرانە:

1) پێگە کارلێکییەکان: ئەو پێگانەن، کە کار لەسەر کارلێککردن لەگەڵ جەماوەر دەکەن و کارلێککردن گرنگیی تایبەتی لەم پێگانەدا هەیە، وەك: پێگەی کوردماکس (www.kurdmax.tv)، پێگەی ئاڤا تیڤی (www.avaentertainment.net)

2) پێگە ئەلیکترۆنییە تەواوکارییەکان: ئەو پێگانەن، کە لەگەڵ دەزگا میدیاییە بینراو و بیستراو و خوێنراوەکاندا کاری تەواوکاریی دەکەن، وەك: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و خەبات، ڕادیۆی دەنگی کوردستان، کوردستان تی ڤی، کوردسات، NRT، RUDAW.

3) پێگە ئەلیکترۆنییە تەواوەکان: ئەو ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییانەن، کە بوونی مادیی و فیزیکییان نییەو بەشێوەی کاغەزیی لەسەر شەقام بڵاونابنەوە، بەڵکو لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەبنەوەو هەواڵ و بابەت وەکو هونەرە ڕۆژنامەوانییەکانی دیکە پێشکەش دەکەن. وەك: پێگەی سپی میدیا (www.speemedia.com)، خەندان (www.xendan.org).

4) کۆپی ئەلیکترۆنی هاوشێوەی ڕۆژنامەی چاپکراو: بریتیە لە کۆپیەکی ڕۆژنامەی کاغەزیی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، کە هەندێك لە ناوەرۆکی ڕۆژنامە کاغەزییەکە لەگەڵ ریکلامدا پێشکەشدەکات، وەك: پێگەی ڕوداو (www.rudaw.net) ، باس نیوز (www.basnews.com).

5) پێگە حکومییەکان: مەبەست لێی پێگە میدیاییە فەرمییەکانی حکومەتن، کە لەلایەن حکومەتەوە پشتیوانی دەکرێن و بەڕێوەدەبرێن، وەك: پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (www.gov.krd).

6) پێگە کەسییەکان: ئەو پێگانەن، کە لەلایەن کەسایەتی و تاکەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێن و زۆرجار ناوەرۆکەکەیان ڕێکخراو نییەو بەبەردەوامی تازە ناکرێتەوەو دیزاینەکەی سادەیە، وەك: پێگەی جەبار شێخانی (کە ناوەکەی گۆڕدرا بۆ پێگەی سەربەست)، پێگەی بەکرەجۆ، پێگەی هونەرمەند زەکەریا (www.zakariamusic.com).

7) پێگە بازرگانییەکان: ئەم پێگانە هەڵدەستن بە ناساندنی شمەك و کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی کە خۆی خاوەنێتی، هەروەها ڕیکلام دەکات بۆ شمەك و خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیای دیکە، وەك: پێگەی کوردشۆپینگ (www.kurdshopping.com) ، دەستی دوو (www.dasy2.com).

8) پێگە وەرزشییەکان: ئەو پێگانەن، کە بایەخ بە کاروباری وەرزش دەدەن و کار لەسەر گواستنەوەی هەواڵ و چالاکییە وەرزشییەکان دەکەن، وەك: پێگەی یاریگانێت (www.yariga.net).

9) پێگە ئاینییەکان: ئەو پێگانەن، کە تایبەتمەندن لە کاروباری ئاینیی و گرنگیی بە بڵاوکردنەوەی بابەت و بەرنامەی ئاینی دەدەن، وەك: قورئان کورد (www.quran-kurd.com).

10) پێگە فێرکاریی و ئەکادیمییەکان: ئەم پێگانە لەلایەن زانکۆکان و کۆلێژەکانەوە بەڕێوەدەبرێن بەمەبەستی ناساندنی بەرنامەو چالاکییەکانیان و بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکانی وەرگرتنی خوێندکار تیایاندا، وەك: پێگەی زانکۆی سلێمانی (univsul.edu.iq)، پێگەی زانکۆی سەڵاحەدین (su.edu.krd).(حسن،2020،ل56-57)

## باسی سێیەم/ هۆشیاریی ڕۆشنبیریی ( Cultural Awareness)

## 1-3/ چەمك و پێناسەی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی

چەمکی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی لە هۆشیاریی خودی تاکەوە دێت، کە بریتییە لە توانای بۆ بیرکردنەوەو ئیرادەی لە بڕیارداندا. پێویستە مرۆڤ دروستکەری ڕۆشنبیریی بێتو هۆشیارو بەئاگا بێت لەپێناو بنیاتنان و داهێنان، نەك لاسایی کردنەوەو پاشکۆیەتیی، بۆیە دەبێت ئەو ئاراستانە کۆبکرێنەوە کە گەشە بە هۆشیاریی ڕۆشنبیریی دەدەنو هەروەها ستراتیژییەکی ڕۆشنبیریی لەئارادابێت بۆ گەشەپێدانی هۆشیاریی مرۆڤ و کۆمەڵگە.

تاك، بناغەی هەموو هەستانەوەو پێشکەوتنێکە، بیرۆکەکانی، کۆمەڵگە ئاراستە دەکەنو یارمەتیدەدەن لە چارەسەرکردنی کێشەکانیدا، بۆیە گەشەپێدانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی لە کۆمەڵگەدا دەبێتە پایەیەکی سەرەکیو پێویست بۆ

گەشەپێدانێکی گشتگیر، کە کۆمەڵگە هەوڵی بەدیهێنانی دەدات. لەلایەکی ترەوە کاراکردنی لایەنی رۆشنبیریی مرۆڤەکان کارێکی پێویستە، ئەویش لەرێگەی بەرنامەو پرۆگرام و فێرکردنەوە، چونکە بنەمای دروستکردنی شارستانێتییەو دەروازەیەکە لێیەوە تەماشای داهاتوویەکی باشتر دەکرێت.(الخضيري، 2018)

چەمکی هۆشیاریی رۆشنبیریی بەوە لێکدراوەتەوە، کە بریتییە لە بنەمای کۆمیونیکەیشنی خودیی، بەوپێیەی توانای وەستان لەسەر هەڵوێستەکان و گەرانەوەو پێداچوونەوە بە خودو درکپێکردنو بەهاو بیروباوەرو وێناکردنە رۆشنبیرییەکان لەخۆدەگرێتو ئەم پرسیارانە لای تاك دروستدەکات (بۆچی ئێمە کارەکانمان بەو شێوازە ئەنجامدەدەین؟ چۆن سەیری جیهان دەکەینو جیهانبینیمان چۆنە؟ بۆچی بەو شێوازە تایبەتە کارلێك لەگەڵ یەکتردا دەکەین؟...)( Quappe & Cantatore, 2005, p1)

هەروەها (ناوەندی نیشتمانی بۆ لێهاتوویی رۆشنبیریی - National Center for Cultural Competence) لە ئەمریکا، بەوە پێناسەی دەکات، "هۆشیاریی رۆشنبیریی بریتییە لە درککردنو تێبینیکردنو زانینو ناسینی لایەنی هاوشێوەو جیاواز لەنێوان گروپە کولتورییەکاندا".(NCCC, 2021)

بەپێی (Winkelman, 2005)، هۆشیاریی بەرامبەر جیاوازییە کولتورییەکانو کاریگەریی لەسەر رەفتار، خاڵی سەرەتایە بۆ کارایی لەنێوان کولتورەکاندا. ئاماژە بەوەشدەدات، کە "هۆشیاریی رۆشنبیریی خودیی، دانان بە کاریگەرییە رۆشنبیرییەکانی تاك لەسەر بەهاکانو بیروبۆچوونەکانو بریاردانەکان دەگرێتەوە".(NCCC, 2021).

لە پێناسەیەکی تردا هاتووە، "هۆشیاریی رۆشنبیریی بریتییە لە پرۆسەی ئەنجامدانی پشکنینی خودیی بۆ لایەنگرییەکانی تاك لەبەرامبەر رۆشنبیرییەکانی دیکەو گەرانو کنەکردنێکی قووڵ بۆ پاشخانی رۆشنبیریی‌و پیشەیی تاك".( Rodriguez & Leralta, 2015, p18)

لەلایەکی ترەوە، "هۆشیاریی رۆشنبیریی بریتییە لە تێگەیشتنی تاکەکان بۆ جیاوازیەکانی نێوانیانو خەڵکانی وڵاتانی دیکە، کە پاشخانی کولتوریی‌و هەڵوێستو بەهاو بیروباوەری جیاوازیان هەیە".(Ciocchetti, 2021)

لەرووی زاراوەو چەمکیشەوە، هۆشیاریی رۆشنبیریی بەواتای ئەو ئاستە شیاوو گونجاوە دێت، کە پێویستە مرۆڤ پێی بگات لەرێگەی فراوانکردنی بازنەی زانیارییەکانییەوە، بۆئەوەی بتوانێت لەسەر رووداو و پێشهات و پێشکەوتنە ناوخۆیی و جیهانییەکان لە بوارەکانی ئابووریو یاساو زانستە جیاوازەکان و هونەرەکان بوەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە جۆری ئەو کۆزانیارییەی کە پسپۆریی تێیدا هەیە یان لەو بوارەدا کاردەکات، قووڵ ببێتەوە. (مجدی و مختار، 2019، ص10)

لەرووی پراکتیکیشیەوە، بەمانای ئاستی کۆزانیاریی و ئاستی درکپێکردنی تاك دێت، بۆ گرنگیی و بایەخی رۆشنبیریی لە ژیانی تایبەتی خۆیدا، کە جیایدەکاتەوە لە کەسانی دەوروبەری، ئەمەش بە بەدواداچوونی بەردەوام بەدوای زانیاری و بابەتە نوێیەکان لە بوارە جیاجیاکاندا بەمەبەستی سودوەرگرتن لێیان. (مجدی و مختار، 2019، ص10)

بەشێوەیەکی گشتی هۆشیاریی رۆشنبیریی بەوە پێناسەکراوە، کە: بریتیە لە ئاستی درکپێکردنو هۆشیاریی تاك لە پارێزگاریکردن لە دابونەریتو میراتی کولتوریی و بنەما رەسەنەکانی لەگەڵ پاراستنیان لە هەر هەرەشەیەك، بۆئەوەی خاڵی بێت لە هەر کاریگەرییەکی دەرەکی.(الرويلي و اليحيى، 2017، ص140)

دوای وردبوونەوە لەو پێناسانەی باسکران، دەتوانرێت هۆشیاریی رۆشنبیریی بەوە پێناسە بکرێت، کە بریتییە لە ئاستی کۆزانیاریی‌و درکپێکردنو هۆشیاریی‌و بەخۆداچوونەوەی تاك لەبارەی کۆمەڵگەکەیو دەوروبەری لەرووی کولتورو دابونەریتو رەفتارو هەڵسوکەوتو بەها کۆمەڵایەتییەکانو کارلێکی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵو ئاستی پارێزگاریکردن لەو بەهایانەو ئەو هێڵە سورانەی کۆمەڵگەو دابونەریت دیاریدەکەن، هەروەها ئاستی وەرگرتنی زانیاریی تاك لەرێگەی ئامرازە جیاوازەکانی میدیاوە دەگرێتەوە تا بتوانێت بەردەوام بەئاگا بێت لە هەواڵو رووداو و پێشهاتە جیاوازەکانی ژینگەی دەوروبەری بەتایبەتی و جیهان بەگشتی.

## 2-3/ تایبەتمەندییەکانی هۆشیاریی رۆشنبیریی

هۆشیاریی رۆشنبیریی چەند تایبەتمەندییەکی گرنگ لەخۆدەگرێت، لەوانە:

1) رەسەنایەتی: دەرئەنجامێکی سروشتی و ئاساییە بۆ لایەنگیریی و پشتبەستنی کەسانی پێشەنگی ئەم هۆشیارییە بە بنەما تیۆریی و زانستییەکان. رەسەنایەتی بەمانای ئەوە نایەت، کە مرۆڤ لە سەردەم و هاوچەرخی خۆی ئامادەیی نەبێت، بەڵکو هانیدەدات لەگەڵ کۆمەڵگەدا کارلێك بکات و بەشێوەیەکی هۆشیارانەو کارا بەرپرسیارێتی لەئەستۆبگرێت، هەروەها کولتورو شوێنەوارو میراتی خەڵکانی پێش خۆی بە گرنگیی و بایەخەوە سەیربکات و تێبینی و بۆچوونەکانی لەسەر بەرهەمەکانیان بنووسێت. بوونی قوڵایی ئەدەبیی‌و دادپەروەریی ئەخلاقیی باڵاو پاراستنی دەستخەتو نووسینە رەسەنەکان، کە دەزگای رۆشنبیریی پێی هەڵدەستێت، دەتوانێت ببنە بنەمایەکی بەهێز بۆ چەسپاندنی هۆشیارییەکی رۆشنبیریی

سەردەمییانەو پاراستنی لە هەر لادانو بەستنو تواندنەوەیەك.(عقیلة، 2019، ص54)

2) گشتگیریی: ڕەنگە لە ڕواڵەتدا چەمکی (هۆشیاریی ڕۆشنبیریی)، کرانەوە بەسەر ئەویتردا و پشتگوێخستنی لایەنەکانی تر بگەیەنێت، وەك ئەوەی تەنها قەیرانمان: قەیرانی هزر و ڕێباز و مەعریفە بێت. ئەم شیکردنەوە تاکلایەنە، بە خولگەی تاکە هۆکارێکدا دەسوڕێتەوە، کە خوێندنەوە ڕۆشنبیرییە ڕەسەنەکان تێیان پەڕاندووە، و لە هەلومەرجەکە تێدەگەن و دەزانن تەنها یەکێك لە هۆکارەکان بۆ قەیرانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی، دەگەڕێتەوە، بەڵکو بەدەست قەیرانی هەستیی و دەروونیی، و قەیرانێکی گەورەترەوە لە ئاکار و ڕەفتاردا دەناڵێین، و پێویستە ڕەخنەی بونیادنەر لەسەر بنەمای ئاراستەکردن و ڕێنماییکردن، لە هەمموو بوارەکاندا بەڕێبکرێت.(مجدی و مختار، 2019، ص42)

3) بوێریی و ئازایەتی: بوێریی و ئازایەتی و گیانی شکاندنی قەدەغەکراوەکان و ئاشکراکردنی هەڵە شاراوەکان و بێدارکردنەوەی هۆشیاریی، لە پێداویستییەکانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریین، چونکە کار لەسەر ڕەخنەگرتن لە عەقڵ، و ڕەخنەگرتن لە پێکهاتەی دەروونیی، و ڕەخنەگرتن لە ئاکار دەکات، و هەروەك دەستبەرداربوون لە کەلەپوری دەروونیی و هزریی، کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە مێشکەکاندا هەڵگیراوە، ئاسان نییە، و هەمیشە واقیعی کۆن لای عەقڵە پارێزکارەکان دەبێتە پیرۆزییەك، کە ڕەخنەلێگرتن و تێپەڕاندن و کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەسەری، یاساغ دەبێت. بە درێژایی مێژوو، خاوەن پەیام و نوێخوازە پێشەنگەکان دارای هۆشیاری ڕۆشنبیرییەك بوون، کە بە ڕووی هێزە کاراکان بۆ خۆلادان لە واقیع و سڕکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەی خەڵکدا، وەستاونەتەوە. پرۆژەی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی هاوچەرخ، شانازیی بە ژیار و کەلەپوری دەوڵەمەندەوە دەکات، وەلێ ڕاستەقینەی لەلا سەنگینترە و هەستانەوەی ڕۆشنبیریی میللەتی لا بەرزترە. (عقیلة، 2019، ص55)

4) بڕوابوون بە گفتوگۆ (دیالۆگ): کەلەپوری هزریمان، مۆرکی چەلەحانێی بێ بەرهەمی بەسەردا زاڵە، کە پاشماوەی چاخە تاریکەکانی دواکەوتوویی ڕۆشنبیریی و ژیارییە، هەمموو کەناڵەکانی پەیوەندیگرتن بەجێهێڵراوە بۆ دەمارگیریی کوێرانە، کە بووە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی جنێودان و ناوزڕاندن و تەکفیرکردن و تۆمەت هەڵبەستن، ئەم فەرهەنگەش لە بەشداریی بەرهەمدار و ئەرکە مەزنەکانی سەرشانمان، دووری خستینەوە. پێویستە هۆشیاریی ڕۆشنبیریی هاوچەرخ، خۆی لەو بەدواچوونە نەرێنیانە بەدووربگرێت و هەل بۆ فراوانکردنی دیدارە ڕۆشنبیرییەکان، بۆ گەشەپێدانی هزر و قوڵکردنەوەو تێز، بڕەخسێنێت. هەرکەسیش کە خاوەن بەڵگە بێت، ناترسێت و ئەوەشی متمانەی بە بڕوای خۆی هەبێت لە گفتوگۆ، ناسڵەمێتەوە. لە ڕاستیدا، ڕاڕایی دەروونیی و نەبوونی متمانە، هۆکاری دەمارگیریین، و نادادیشە تەنها بەهۆی بیرۆکەیەکی ناو مێشکمانەوە، ڕاست و چەپ بەسەر قوتابخانە فکرییەکانی تردا بهێنین. (عقیلة، 2019، ص55)

5) هۆشیاریی ڕۆشنبیریی ئاماژەیە بۆ هەمموو بەها ئیجابیو باڵاو باشو جوانەکان، کە ناهێڵن مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە فریو بدرێت.

6) هەستان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەرهەمهێنە دادپەروەرەکان و پشتیوانیکردنی بۆ پرۆسەی دیموکراتی و زیادکردنی ڕێژەی بەشداریی لەو پرۆسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەدا.

7) نەهێشتنی نەخوێندەواری لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا.(مجدی ومختار،2019،ص40).

## 3-3/ جۆرەکانی هۆشیاریی

هۆشیاریی، بەشێوەیەکی گشتی چەندین جۆرو شێوازو پۆلێنی هەیە، بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر باسکردنی ئەو جۆرانە، پێویستە ئاماژە بە دوو جۆر بدەین، کە بریتین لە:

- هۆشیاریی ساختە: بریتیە لە کۆمەڵێك بیرۆکەو چەمك، کە تاك بنیاتیان دەنێتو باوەڕی پێیان هەیە، سەرەڕای ئەوەی شیاوو گونجاو نین لەگەڵ ئەو واقیعەی تیایدا دەژی.
- هۆشیاریی واقیعی و ڕاستەقینە: بریتیە لە تێگەیشتنێکی ڕاستو دروست بۆ دروستبوونی شتەکان، کە شیاوو گونجاوە لەگەڵ ئەو واقیعەی تاك تیایدا دەژی.

ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا بریتیە لە (هۆشیاریی ڕاستەقینە)، کە ئەم جۆرانەی هەیە:

یەکەم: لەڕووی ئاستەوە:

1- هۆشیاریی خودیی: وەك (هۆشیاریی خۆڕسکانە، هۆشیاریی بیرکردنەوانە، هۆشیاریی ڕاستەوخۆو کتوپڕ، هۆشیاریی پێوەرە ئەخلاقییەکان).(صلاح، 2016)

2- هۆشیاریی کۆمەڵایەتی: وەك (هۆشیاریی کاراو چالاك، هۆشیاری کۆمەڵایەتی، هۆشیاریی ڕێکخراوەیی، هۆشیاریی لە شوێنی کارکردن، هۆشیاریی پێگە).(Tilly, 2020)

دووەم: لەڕووی بوارەکانی کۆزانیارییەوە:

ئەم جۆرانە دەگرێتەوە (هۆشیاریی کۆزانیاریی، هۆشیاریی ڕۆشنبیریی، هۆشیاریی ئەخلاقیی، هۆشیاریی سیاسی،

هۆشیاریی ژینگەیی، هۆشیاریی ئابووریی، هۆشیاریی ئایینی، هۆشیاریی تەندروستی) (الحدابی، 2016) (القوس، 2018، ص9-10) ( Reinhardt & Mletzko & B. Sloep & Drachsler, 2012, p18-19)

## 3-4/ کاریگەریی میدیا لە پێکهێنانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریدا

کاریگەربوون بە ئامرازەکانی میدیا، بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست، لە ماوەیەکی کورت یان درێژدا بیرۆکەو ئاراستەو فەلسەفەو ڕۆشنبیریی دەچێنێتو لای تاك کەڵەکە دەبێت، دواتر تاك درکی پێدەکاتو لەڕێگەی کردارو گوفتارەکانیەوە دەریدەبڕێت، ئەمەش وادەردەکەوێت کە ئەو پەیامە بەشێوەیەکی بەهێزو کاریگەر ئاراستەی وەرگر کراوەو ڕەفتاریانی گۆڕیوە.(عبدالخالق، 2020، ص82)

پێشکەوتنی خێرای ئامرازەکانی میدیا، کاریگەریی گەورە لەسەر ڕێگاو شێوازەکانی بەیەکگەیشتنو ئاڵوگۆڕکردنی ڕۆشنبیریی لەنێوان مرۆڤەکاندا دروستدەکەن، لەسەرەتادا کاتێك ئامرازەکان بریتی بوون لە ئامرازی نووسراو وەك ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، کاریگەریی گەورەیان لەسەر کۆمەڵگەکان دروستکرد، پاشان ئامرازە دیجیتاڵیو نوێیەکان سەریانهەڵدا، کە کاریگەریان زۆر گەورەتر بوو لەسەر پرۆسەی بەیەکگەیشتنی ڕۆشنبیریو پێکهێنانی هۆشیاریی، کاتێکیش ئینتەرنێت هاتەکایەوە، کارئاسانیی زۆری لە گەیشتن بە زانیارییەکان لە هەر شوێنو کاتێکدا کرد، هەروەها کاتو هەوڵو تێچوونی کەمکردەوە، دواجار ئەم ئامرازانە بە ئاراستەی دروستکردنی کاریگەریو پێکهێنانی هۆشیاریی کاردەکەن.(مروان، 2021)

ڕۆڵو کاریگەریی ئامرازەکانی میدیا لە گەشەپێدانی هۆشیاریی تاکەکانو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریو بیرکردنەوەیان بەردەوام لە زیادبووندایەو لە ئێستادا ئەو ئامرازانە بە سەرچاوەیەکی گرنگو سەرەکیی بڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیاریی دادەنرێن، کە ڕۆڵێکی کاریگەر لە پێکهێنانی هۆشیاریی تاکەکاندا دەبیننو بەشێوەیەك کاریگەریی لەسەر تاك دروستدەکەن، کە تاك درکی پێدەکاتو بەئاسانی پەیامەکەی پێدەگات، دواجار وێنەیەکی زیهنیی سەبارەت بە وڵاتانو هەڵوێستەکانو مەسەلەکانو ڕووداوەکان لای تاك دەکێشێت.(الطائی، 2017)

لە بنەڕەتدا ئامرازەکانی میدیا بەتایبەت بۆ گەیشتن بە جەماوەری زۆر دیزاینکراون، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا توانایی ئەو ئامرازانە بۆ گەیشتن بە زۆرترین جەماوەر بەرووونی دەبینینو ئەرکەکانیان بەباشیی جێبەجێدەکەن لە زانیاریپێدانو فێرکردنو کاتبەسەربردنو بنیاتنانی ڕای گشتیو زیادکردنی هۆشیاریی.

بوونی ئامرازەکانی میدیا لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵی گەورەیان لە پێکهێنانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریدا هەیەو ئامادەنەبوونیشیان گۆشەگیریو لێکترازانی تاکەکانی کۆمەڵگە نەك تەنها لەڕووی فیزیکیی، بەڵکو لەڕووی مەعنەوییو کۆزانیارییو ڕۆشنبیریشەوە، دێنێتەکایەوە. (غانم و أبوعواد، 2021، ص2-3)

لەلایەکی ترەوە، پسپۆڕانی گەیاندن لە زاراوەی (گەیاندنی ڕۆشنبیریی) دەدوێن، کە ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسەیەی بەشداریی دەکات لە هێنانەکایەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی فراوان، کاریگەریی ئەم گەیاندنەش لە بۆچوونو بیروباوەڕە سیاسیەکانو شێوازەکانی ژیانو تەکنەلۆژیاو سەرجەم ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیریی وەك: قووڵایی گەیاندنو ئاستی بەرگریکردن لە ڕۆشنبیریی کلاسیکییو ڕۆڵی سیستمی سیاسی لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کۆنترۆڵکراوو مەودای فرەیی کەناڵەکانی گەیاندندا دەردەکەوێت. هەروەها بریتیە لەو گەیاندنەی لەنێوان کولتورو ڕۆشنبیرییە جیاوازەکاندا دێتەکایەوە، بەئامانجی یەکترناسینو لێکتێگەیشتنو هاریکاریی لەنێوان تاکەکانی ئەو کولتورانەدا. (ڕێشاوی، 2011، ص126)

## باسی چوارەم/ لایەنی پراکتیکیی توێژینەوە

## 1-4/ تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی مشتەی توێژینەوە

خشتەی (٢) تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی مشتەی توێژینەوە

| تایبەتمەندیی دیمۆگرافیی | بڕگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| توخم | نێر | ١٤٥ | ٣٠ | ٢ |
| | مێ | ٣٣٧ | ٧٠ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٤٨٢ | ١٠٠ | |
| تەمەن | لە ١٨ بۆ ٢٠ ساڵ | ١٣٠ | ٢٧ | ٢ |
| | لە ٢١ ساڵ بۆ ٢٣ ساڵ | ٢٨٣ | ٥٩ | ١ |
| | لە ٢٤ ساڵ بۆ ٢٦ ساڵ | ٥٣ | ١١ | ٣ |
| | لە ٢٦ ساڵ زیاتر | ١٦ | ٣ | ٤ |
| | کۆی گشتی | ٤٨٢ | ١٠٠ | |
| دۆخی ئابووری | لاواز | ٣٤ | ٧ | ٣ |
| | مامناوەند | ٤٠٣ | ٨٤ | ١ |
| | باش | ٤٥ | ٩ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٤٨٢ | ١٠٠ | |
| زانکۆ | سەلاحەدین - هەولێر | ١٥٣ | ٣٢ | ١ |
| | سلێمانی | ١٣٩ | ٢٩ | ٢ |
| | دهۆک | ١٠٨ | ٢٢ | ٣ |
| | هەڵەبجە | ٨٢ | ١٧ | ٤ |
| | کۆی گشتی | ٤٨٢ | ١٠٠ | |
| کۆلێژ | پەروەردەی بنەڕەت | ١٢٠ | ٢٤ | ١ |
| | زمان | ٧٢ | ١٥ | ٣ |
| | پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشییەکان | ٤٨ | ١٠ | ٦ |
| | زانستە مرۆڤایەتییەکان | ٣٤ | ٧ | ٧ |
| | ئاداب | ٢٤ | ٥ | ٨ |
| | ئەندازیاری | ٧٥ | ١٦ | ٢ |
| | زانست | ٥٨ | ١٢ | ٤ |
| | پزیشکی | ٥١ | ١١ | ٥ |
| | کۆی گشتی | ٤٨٢ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢) دەردەکەوێت، کە تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی مشتەی توێژینەوەکە، لە توخمدا توخمی (مێ)

و لە ئاستی تەمەندا تەمەنی (لە ٢١ ساڵ بۆ ٢٣ ساڵ) و بۆ دۆخی ئابووری ئاستی (مامناوەند) و لە زانکۆکانیشدا زانکۆی (سەڵاحەدین - هەولێر) و لە کۆلێژەکاندا کۆلێژی (پەروەردەی بنەڕەت) لە پلەی یەکەم دێن و زۆرینەی مشتەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

### 2-4/ بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان

خشتەی (٣) بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا

| برگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| --- | --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٣٩٩ | ٨٣ | ١ |
| نەخێر | ٨٣ | ١٧ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٤٨٢ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣) دەردەکەوێت، کە زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆ پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ پەیوەستبوونی توێژێکی گرنگی کۆمەڵگە بە یەکێک لە دیارترین ئامرازەکانی میدیای نوێ لە ژینگەی میدیایی هەرێمی کوردستاندا.

خشتەی (٤) هۆکاری بەکارنەهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا

| برگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| --- | --- | --- | --- |
| نەبوونی کاتی پێویست | ١٩ | ٢٣ | ٢ |
| تێچووی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ من زۆرە | ٨ | ١٠ | ٥ |
| کەمیی زانیاری لەو پێگە ئەلیکترۆنییانەدا | ٢٠ | ٢٤ | ١ |
| نەبوونی متمانەو پێشێلکردنی بنەماکانی ئیتیکی پیشەیی | ١٦ | ١٩ | ٣ |
| قۆرخکاریی حیزبیی و سیاسیی و نەبوونی بێلایەنیی | ١٤ | ١٧ | ٤ |
| پشتبەستن بە ئامرازەکانی دیکەی میدیا وەک: ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە | ٦ | ٧ | ٦ |
| کۆی گشتی | ٨٣ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٤) دەردەکەوێت، خوێندکارانی زانکۆ بە پلەی یەکەم بەهۆی کەمیی زانیاری لەو پێگە ئەلیکترۆنییانەدا پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەکارناهێنن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ درکپێکردنی بەشێکی خوێندکارانی زانکۆ بە کەموکوڕیی ناوەڕۆکی میدیایی لەڕووی زانیارییەوە.

خشتەی (٥) هۆکاری بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ

| برگەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| --- | --- | --- | --- |
| خێرایی لە گەیاندن | ٧٥ | ١٩ | ٢ |
| کاتبەسەربردن | ٤٢ | ١٠ | ٥ |
| ئاسانی تێگەیشتن لەڕووی زمانەکەیەوە | ٨٠ | ٢٠ | ١ |
| ئاسانی لە بەکارهێناندا | ٥٧ | ١٤ | ٣ |
| هەرزانی لە بەکارهێناندا | ٢٢ | ٦ | ٧ |
| مەبەستی بازرگانی و بازاڕکردن | ١٧ | ٤ | ٨ |
| خستنەڕووی بابەتەکان بە ڕاشکاوانەو بەبێ سانسۆرو چاودێریی | ٢٥ | ٦ | ٦ |
| بوونی زۆرینەی ژانرە میدیاییەکان پێکەوە، وەک: نوسین، دەنگ، وێنە، ڤیدیۆ | ٤٤ | ١١ | ٤ |
| بوونی متمانەی زیاتر بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەراورد بە ئامرازەکانی تری میدیا | ١٥ | ٤ | ٩ |
| کارلێک کردن لەگەڵ بابەتەکان وەک: نووسینی کۆمێنت...هتد | ٢٢ | ٦ | ٧ |
| کۆی گشتی | ٣٩٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٥) دەردەکەوێت، خوێندکارانی زانکۆ بە پلەی یەکەم بەهۆی ئاسانی تێگەیشتن لەڕووی زمانەکەیەوە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەکاردەهێنن، ئەمەش نزیکی خودی خوێندکارانی زانکۆ دەردەخات دەربارەی زمانی دایک و سروشتی مامەڵەکردن لەگەڵ میدیا ئەلیکترۆنییەکاندا.

هەروەها دەردەکەوێت، کە خوێندکارانی زانکۆ متمانەیان بە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەراورد بە ئامرازەکانی دیکەی میدیا لاوازەو لە پلەی کۆتایی ڕیزبەندییەکەدایە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ شێوازی مامەڵەکردنی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەڕووی ناوەڕۆکی پەیامەکانیانەوە، کە نەیانتوانیوە لە ئاستێکی بەرزدا متمانە لای خوێندکارانی زانکۆ بەدەستبهێنن.

خشتەی (٦) کاتژمێری بەکارهێنانی ڕۆژانەی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ

| برگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| --- | --- | --- | --- |
| کەمتر لە ١ کاتژمێر | ٩٦ | ٢٤ | ٣ |
| ١-٢ کاتژمێر | ١٣١ | ٣٢ | ١ |
| ٣-٤ کاتژمێر | ١١٧ | ٣٠ | ٢ |
| زیاتر لە ٥ کاتژمێر | ٥٥ | ١٤ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٣٩٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٦) دەردەکەوێت، بە پلەی یەکەم کاتژمێری بەکارهێنانی ڕۆژانەی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەلایەن خوێندکارانی زانکۆوە بریتییە لە (١-٢) کاتژمێری ڕۆژانە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دروستیی و گونجاویی سروشتی بەکارهێنانی میدیای ئەلیکترۆنیی لەلایەن خوێندکارانی زانکۆوە.

خشتەی (٧) جۆری پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییە بەکارهێنراوەکان لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ

| برگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| --- | --- | --- | --- |
| فەرمییەکان | ٥٧ | ١٤ | ٢ |
| بازرگانییەکان | ١٩ | ٤ | ١٠ |
| هونەرییەکان | ٤٨ | ١٢ | ٣ |
| فێرکارییەکان | ٧٠ | ١٨ | ١ |
| هەوالییەکان | ٤٢ | ١١ | ٥ |
| سیاسییەکان | ٢٦ | ٧ | ٨ |
| ئاینییەکان | ٤٣ | ١١ | ٤ |
| وەرزشییەکان | ٣٨ | ٩ | ٦ |
| ئابوورییەکان | ٢٢ | ٥ | ٩ |
| دیکە | ٣٤ | ٩ | ٧ |
| کۆی گشتی | ٣٩٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٧) دەردەکەوێت، لە دیارترین جۆری پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییە بەکارهێنراوەکان لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا پێگە ئەلیکترۆنییە فێرکارییەکانە، کە لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا پەیامی فێرکاریی پێشکەشدەکەن، وەک: چۆنێتی بەکارهێنانی ئامێرە جیاوازەکان و چاککردنەوەیان، خستنەڕووی تازەترین ئامێری تەکنۆلۆژیی لە ئۆتۆمبێل، مۆبایل، کۆمپیوتەر...هتد. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، فێربوون و زانین جێی گرنگیپێدانی توێژێکی دیاری

هەرێمی کوردستانەو گرنگیی تایبەتی لای خوێندکارانی زانکۆ هەیە.

لەهەمان کاتدا ئەنجامەکە ئەوە دەخاتەروو، کە پێگە ئەلیکترۆنییە سیاسیی و ئابووریی و بازرگانییەکان لە پلەکانی کۆتایی ڕیزبەندیی بەکارهێناندان لای خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا و ئەمەش ئاماژەیە بۆ دوورکەوتنەوەی توێژێکی گرنگی کۆمەڵگە لە بەدواداچوون بۆ ئەو بوارانەو چوونیان بەرەو لایەنێکی دیکە، کە بریتییە لە فێرکاریی.

خشتەی (٨) جۆری وەرگرتنی زانیاری لە بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ

| برگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| سیاسیی | ٢٨ | ٧ | ٨ |
| تەندروستی | ٥٢ | ١٣ | ٢ |
| ئاینی | ٤٩ | ١٢ | ٣ |
| وەرزشی | ٣٩ | ١٠ | ٥ |
| ئابووری | ٢١ | ٥ | ٩ |
| زانستی | ٦٠ | ١٥ | ١ |
| تەکنۆلۆجی | ٣٦ | ٩ | ٧ |
| ئەکتەر و مۆدێلەکان | ١٥ | ٤ | ١١ |
| ڕۆشنبیریی و هونەریی | ٤٢ | ١١ | ٤ |
| کۆمەڵایەتی | ٣٧ | ٩ | ٦ |
| دیکە | ٢٠ | ٥ | ١٠ |
| کۆی گشتی | ٣٩٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٨) دەردەکەوێت، لە دیارترین جۆری وەرگرتنی زانیاری لە بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەلایەن خوێندکارانی زانکۆوە بریتییە لە زانیارییە زانستییەکان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەڕان و بەدواداچوون بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زانستی لەلایەن خوێندکارانی زانکۆوە.

هەروەها دەردەکەوێت، کە خوێندکارانی زانکۆ کەمترین بەدواداچوون بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەکتەرو مۆدێلەکان دەکەن و جێی گرنگیی و بایەخیان نییەو لە ڕیزبەندی کۆتاییدایە.

خشتەی (٩) بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە بیانیەکان لەپێناو دەوڵەمەندکردنی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی

لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ لەهەرێمی کوردستاندا

| برگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| پێگە ئەلیکترۆنییە عەرەبییەکان | ٩٠ | ٢٣ | ٢ |
| پێگە ئەلیکترۆنییە ئینگلیزییەکان | ١٧٦ | ٤٤ | ١ |
| پێگە ئەلیکترۆنییە فارسییەکان | ٤٣ | ١١ | ٤ |
| پێگە ئەلیکترۆنییە تورکییەکان | ٣٩ | ١٠ | ٥ |
| دیکە | ٥١ | ١٢ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٣٩٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٩) دەردەکەوێت، کە خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا لەپێناو دەوڵەمەندکردنی هۆشیاریی ڕۆشنبیرییاندا پاش بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بە پلەی یەکەم پشت بە بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە ئینگلیزییەکان دەبەستن، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە خوێندکارانی زانکۆ تەنها پشت بە زانیاری ناوخۆیی نابەستن، بەڵکو هاوشانی خوێندکارانی جیهان بەدوای زانیاری بیانیدا دەگەڕێن بۆ دەوڵەمەندکردنی هۆشیاریی ڕۆشنبیرییان و ئاستی تێگەیشتنیان لە زمانی ئینگلیزیی وەک زمانێکی زیندووی جیهان لە ئاستێکی بەرزدایە. هەروەها دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە تورکییەکان لەلایەن خوێندکارانی زانکۆوە لە پلەی کۆتاییدایەو کەمترین بەکارهێنەری لەخۆگرتووە.

خشتەی (١٠) ڕای خوێندکارانی زانکۆ دەربارەی سیاسەتی کارکردنی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان

| برگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| نیشتمانیی و نەتەوەیی | ٣٤ | ٩ | ٤ |
| حیزبیی | ١٤٧ | ٣٦ | ١ |
| سیاسیی | ٧١ | ١٨ | ٢ |
| شار/ ناوچەی جوگرافی | ٣٢ | ٨ | ٥ |
| ئاینی | ٤ | ١ | ٦ |
| بازرگانی | ٧١ | ١٨ | ٢ |
| دیکە | ٤٠ | ١٠ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٣٩٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٠) دەردەکەوێت، زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆ پێیانوایە سیاسەتی حیزبیی بەسەر سیاسەتی کارکردنی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا زاڵە، ئەمەش ئاماژەیەکی دروست و واقعییە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ژینگەی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا، کە خاوەندارێتی حیزبیی لەپێشینەی خاوەندارێتی میدیاکانە.

لەهەمان کاتیشدا، کەمترین ڕێژەی خوێندکارانی زانکۆ پێیانوایە (ئاینی) لە سیاسەتی کارکردنی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا ئامادەیی هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی سیاسەت و بازرگانی لەپشت سیاسەتی کارکردنی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانەوە.

خشتەی (١١) دیارترین ئەو بوارە ڕۆشنبیرییانەی کە لە ڕێگەی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانەوە خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا بەدواداچوونیان بۆ دەکات

| برگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| کولتور و ڕۆشنبیری جیاواز | ٣٧ | ٩ | ٣ |
| کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤار | ٤٢ | ١٠ | ٢ |
| تازەترین بەرهەمی تەکنۆلۆژیا | ٢٦ | ٧ | ٩ |
| هەواڵی هونەرمەندو ئەکتەرو مۆدێلەکان | ١٩ | ٥ | ١١ |
| فیلم و دراماو شانۆ | ٤٣ | ١٠ | ١ |
| دروستکردنی خواردن | ١٦ | ٤ | ١٢ |
| شێوازی ژیانکردن وەک: کەلوپەلی ناوماڵ، جلوبەرگ | ٢٥ | ٦ | ١٠ |
| موزیک و گۆرانی | ٣٥ | ٩ | ٥ |
| ئەدەب (چیرۆک، پەخشان، شیعر، هۆنراوە، ڕۆمان...) | ٢٧ | ٧ | ٨ |
| وەرزش و هەواڵی یاریزان و یانەکان | ٢٨ | ٧ | ٧ |
| تەندروستی و پزیشکیی و چارەسەری نەخۆشییەکان | ٣٤ | ٩ | ٦ |
| بابەتە ئاینیەکان | ٣٦ | ٩ | ٤ |
| ئابووری و بازرگانی وەک: نرخی دراو، زێڕ، خانوو | ١٩ | ٥ | ١١ |
| دیکە | ١٢ | ٣ | ١٣ |
| کۆی گشتی | ٣٩٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١١) دەردەکەوێت، دیارترین ئەو بوارە ڕۆشنبیرییانەی خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا

لە رێگەی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانەوە بەدواداچوونیان بۆ دەکات، بریتییە لە بواری فیلم و دراماو شانۆ، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ سروشتی پەیوەندیکردنی خوێندکاران بە جۆری کەناڵ و ژانری میدیایی لەکاتی ئاسایی و تایبەتدا.

خشتەی (١٢) وەرگرتنی زانیاریی لەسەر رۆشنبیرییە جیاوازەکان لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانەوە لەلایەن خوێندکارانی زانکۆوە

| برگەکان | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٧٠ | ٦٨ | ١ |
| نەخێر | ١٢٩ | ٣٢ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٣٩٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٢) دەردەکەوێت، زۆرینەی مشتەی توێژینەوەکە بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەسەر رۆشنبیرییە جیاوازەکان پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی مشتەی توێژینەوەکە لە سروشتی پەیوەندیکردنیاندا بۆ ئاشنابوون بە رۆشنبیرییە جیاوازە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان زیاتر پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەکاردێنن، هەروەها ئاماژەیەکیشە بۆ گرنگیدانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە خستنەڕووی رۆشنبیریی و کولتووری جیاواز.

خشتەی (١٣) رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە پێکهێنانی هۆشیاریی رۆشنبیریی خوێندکارانی زانکۆ

| برگەکان | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٥٠ | ١٣ | ٣ |
| هەندێکجار | ٢٦٨ | ٦٧ | ١ |
| بەدەگمەن | ٨١ | ٢٠ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٣٩٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٣) دەردەکەوێت، زۆرینەی مشتەی توێژینەوەکە پێیانوایە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان هەندێکجار رۆڵیان هەیە لە پێکهێنانی هۆشیاریی رۆشنبیرییاندا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بوونەتە یەکێک لە ئامرازە شیاوەکانی پێکهێنانی هۆشیاریی رۆشنبیریی لای خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا.

## ئەنجامەکان

1- لە تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی مشتەی توێژینەوەکەدا، توخمی (مێ) بەرێژەی (٧٠٪) و تەمەنی (لە ٢١ ساڵ بۆ ٢٣ ساڵ) بەرێژەی (٥٩٪)و دۆخی ئابووری ئاستی (مامناوەند) بەرێژەی (٨٤٪) و زانکۆی (سەلاحەددین - هەولێر) بەرێژەی (٣٢٪) و کۆلێژی (پەروەردەی بنەڕەت) بەرێژەی (٢٤٪) لە پلەی یەکەم دێن.

2- زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا بەرێژەی (٨٣٪) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەکاردەهێنن و بەپێی ئاماژەکانی پەیوەندیی ئاماریی، تاکو پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان زیاتر بەکاربهێنن، ئەوا هۆشیاریی رۆشنبیریان زیاددەکات.

3- زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆ بەهۆی (ئاسانی تێگەیشتن لەرووی زمانەوە) بەرێژەی (٢٠٪) و (خێرایی لە گەیاندن) بەرێژەی (١٩٪) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەکاردەهێنن.

4- (کەمیی زانیاری لەو پێگە ئەلیکترۆنییانەدا) بەرێژەی (٢٤٪) بە گرنگترین هۆکاری بەکارنەهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا دادەنرێت.

5- زۆرترین رێژەی بەکارهێنانی رۆژانەی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەلایەن خوێندکارانی زانکۆوە بریتییە لە (١-٢) کاتژمێری رۆژانە بەرێژەی (٣٢٪).

6- پێگە ئەلیکترۆنییە (فێرکارییەکان) بەرێژەی (١٨٪)، لە دیارترین جۆری پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییە بەکارهێنراوەکانن لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا.

7- لە دیارترین جۆری وەرگرتنی زانیاری لە بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەلایەن خوێندکارانی زانکۆوە بریتییە لە زانیارییە (زانستییەکان) بەرێژەی (١٥٪).

8- خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا لەپێناو دەوڵەمەندکردنی هۆشیاریی رۆشنبیرییاندا، پاش بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بە پلەی یەکەم پشت بە بەکارهێنانی (پێگە ئەلیکترۆنییە ئینگلیزییەکان) دەبەستن بەرێژەی (٤٤٪).

9- زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆ بەرێژەی (٣٦٪) پێیانوایە سیاسەتی (حیزبیی) بەسەر سیاسەتی کارکردنی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا زاڵە.

10- لە دیارترین ئەو بوارە رۆشنبیرییانەی خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا لە رێگەی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانەوە بەدواداچوونیان بۆ دەکات، بریتییە لە بواری فیلم و دراماو شانۆ بەرێژەی (١٠٪).

11- زۆرینەی مشتەی توێژینەوەکە بەرێژەی (٦٨٪)، بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەسەر رۆشنبیرییە جیاوازەکان، پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەکاردەهێنن.

12- زۆرینەی مشتەی توێژینەوەکە بەرێژەی (٦٧٪)، پێیانوایە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان (هەندێکجار) رۆڵیان هەیە لە پێکهێنانی هۆشیاریی رۆشنبیرییاندا.

## ڕاسپاردەکان

1. پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان گرنگیی زیاتر بە داتاو زانیاری ورد لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیاندا بدەن، چونکە ڕێژەیەکی بەرچاو لە مشتەی توێژینەوەکە بەهۆی کەمیی زانیاری تیایاندا پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەکارناهێنن.
2. پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان هەوڵبدەن کەمترین سیاسەت و ئاماژەی حیزبیی لە کارکردنیاندا پەیڕەو بکەن.
3. پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیاندا گرنگیی زیاتر بە زمانە بیانییەکان بەتایبەت زمانی ئینگلیزیی بدەن، تا خوێندکاران بتوانن لەگەڵ وەرگرتنی پەیامەکاندا بۆ فێربوونی زمانی بیانییش سودی لێوەربگرن.

## پێشنیازەکان

1. دەکرێت توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، لەسەر میدیای کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی لە پێکهێنانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریدا لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە جیاوازەکانی کاریگەریی میدیادا ئەنجامبدرێت.
2. دەتوانرێت توێژینەوەی زیاتری مەیدانیی لەم بارەیەوە ئەنجامبدرێت بە وەرگرتنی کۆمەڵ و مشتەی جیاواز لە کۆمەڵگەدا، بۆئەوەی کاتێک توێژینەوەکان بەراورد دەکرێن ئەنجامی جیاوازیان هەبێت و ببنە هاوکارێکی باش بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو پرسە.
3. توێژەرانی تر دەتوانن توێژینەوەی تر دەربارەی ڕۆڵی میدیای کۆمەڵایەتی یان میدیای ئەلیکترۆنیی لە چاندنی یان لە پێکهێنانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەنجامبدەن.

## سەرچاوەکان


1- **بۆکانی، سابیر** (٢٠١٦)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

2- **تاڵەبانی، ڕێبەر گۆران و ڕێشاوی، یەحیا عومەر** (2020)، میدیای نوێ لە سایەی شۆڕشی زانیارییەکاندا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی تۆڕی ئەکادیمیاو دیالۆگی میدیا، سلێمانی.

3- **عوسمان، ماجد** (٢٠٢١)، ڕاپۆرتی شیکاریی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان – عێراق، سەرۆکی جێبەجێکار و بەڕێوەبەری ناوەندی میسری بۆ لێکۆڵینەوەکانی ڕای گشتی "بەسیر".

4- **أمين، رضا عبدالواجد** (2007)، الصحافة الإلكترونية، دار الفجر للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى.

5- **حسن، چنار نامق** (2020)، دور المواقع الإلكترونية الكوردية في تشكيل الرأي العام حول انتهاك حقوق الايزيدية، دار غيداء للنشر والتوزيع، عمان.

6- **ڕێشاوی، يحيى عمر** (2011)، الصحافة وصناعة الوعي، دراسة تطبيقية على واقع الصحافة في اقليم كوردستان العراق، من مطبوعات الاكاديمية الكوردية، مطبعة الحاج هاشم – اربيل.

7- **القيسي، جمال عبدناموس** (2013)، الأخبار في الصحافة الإلكترونية، اصدارات مركز البصيرة للبحوث والتطوير الإعلامي، الطبعة الأولى.

8- **Rodriguez, Ainhoa and Leralta, Olga** (2015), SENSITIVITY AND AWARENESS OF CULTURAL AND OTHER FORMS OF DIVERSITY, European Union.

9- **الرويلي، حميد بن كويمى حران و اليحيي، محمد بن عبدالله** (2017)، دور أعضاء هيئة التدريس في تنمية الوعي الثقافي، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية، العدد الثامن – الجزء الأول.

10- **عبدالخالق، سامح ابراهيم عوض الله** (2020)، المضامين الإعلامية مدخل لتنمية الوعي الفلسفي والثقافي، المجلة الدولية للمناهج والتربية التكنولوجية IJCTE ، العدد الأول.

11- **غانم، بسام عمر و أبوعواد، فريال محمد** (2021)، دور وسائل الإعلام في تنمية الوعي الثقافي والفكري من وجهة نظر طلبة كليات التعليم العالي – الأنروا/ الأردن، مجلة الزرقاء للبحوث والدراسات الإنسانية – المجلد الواحد والعشرون – العدد الأول.

12- **القوس، سعود بن سهل** (2018)، دور وسائل التواصل الاجتماعي في تشكيل الوعي الاجتماعي، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية، العدد العاشر، الجزء الأول.

13- **مصطفى، ريبەر كوران** (2016)، دور المواقع الإلكترونية الكوردية في ترتيب أولويات الشباب نحو التعديلات الدستورية، مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والإجتماع، العدد(٩).

14- **احمد، ئاراز رمضان** (2018)، ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پێکهاتی زانینی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا (توێژینەوەیەکی شیکاریی و مەیدانییە)، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە) لە فەلسەفەی ڕاگەیاندن، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

15- **مستەفا، عەبدولخالق ئیبراهیم** (2020)، ڕۆڵی پێگەی ئەلیکترۆنیی کوردی لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاسایشی نەتەوەیی لە جەنگی دژی داعش لە هەرێمی کوردستاندا (2014-2017)، توێژینەوەیەکی شیکاریی و مەیدانییە، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە) لە فەلسەفەی ڕاگەیاندن، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

16- **عقيلة، دبة** (٢٠١٩)، دور اليوتيوب في تنمية الوعي الثقافي لدى الطلبة الجامعيين، مذكرة مكملة لنيل شهادة الماجستير في علوم الإعلام والاتصال، جامعة أم البواقي، الجزائر.

17- **مجدي، عبدالرحمن و مختار، زبيدة** (2019)، دور الصحافة الإلكترونية في تنمية الوعي الثقافي لدى الطالب الجامعي، دراسة ميدانية على عينة من طلبة قسم العلوم الإنسانية بجامعة أحمد دراية-أدرار-، مذكرة لنيل شهادة الماجستير في علوم الإعلام والإتصال، الجزائر.

18- **الحدابي، إلهام** (2016)، أنواع الوعي بين الفردي والمجتمعي، بابەتێکە لە بەرواری 2016/12/24 لە پێگەی ئەلیکترۆنیی (https://www.ida2at.com/types-of-consciousness-between-individual-and-societal/#:~:text=%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%B9%D9%8A%20%D8%A7%D9%84%D8%AB%D9%82%D8%A7%D9%81%D9%8A%20%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B9%D8%B1%D9%81%D9%8A%20%D9%8A%D9%83%D8%A7%D8%AF%20%D9%8A%D9%83%D9%88%D9%86,%D8%AD%D8%AA%D9%89%20%D8%B9%D9%84%D9%89%20%D9%85%D8%B3%D8%AA%D9%88%D9%89%20%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%AC%D8%AA%D9%85%D8%B9%D8%A7

%D8%AA%20%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AE%D8%B1%D9%89.)
بڵاوکراوەتەوە، (توێژەر لە 2022/2/26 سەردانی ئەم پێگەیەی کردووە).

19- **الخضيري، زينب** (2018)، الوعي الثقافي، بابەتێکە لە بەرواری 2018/11/3 لە پێگەی ئەلیکترۆنیی ڕۆژنامەی (الرياض)ی سعودی (https://www.alriyadh.com/1714957 )بڵاوکراوەتەوە، (توێژەر لە 2021/8/27 سەردانی ئەم پێگەیەی کردووە).

20- **صلاح، رزان** (2016)، تعريف الوعي، بابەتێکە لە بەرواری 2016/1/3 لە پێگەی ئەلیکترۆنیی (https://mawdoo3.com/%D8%AA%D8%B9%D8%B1%D9%8A%D9%81_%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%B9%D9%8A ) بڵاوکراوەتەوە، (توێژەر لە 2022/2/18 سەردانی ئەم پێگەیەی کردووە).

21- **الطائي، منى حيدر** (2017)، الإعلام وتشكيل الوعي الإجتماعي لدى الشباب، بابەتێکە لە بەرواری 2017/3/27 لە پێگەی ئەلیکترۆنیی (https://www.azzaman.com/%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B9%D9%84%D8%A7%D9%85-%D9%88%D8%AA%D8%B4%D9%83%D9%8A%D9%84-%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%B9%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%AC%D8%AA%D9%85%D8%A7%D8%B9%D9%8A-%D9%84%D8%AF%D9%89-%D8%A7%D9%84/ )
بڵاوکراوەتەوە، (توێژەر لە 2022/4/11 سەردانی ئەم پێگەیەی کردووە).

22- **مروان، محمد** (2021)، الثقافة والإعلام، بابەتێکە لە بەرواری 2021/10/31 لە پێگەی ئەلیکترۆنیی (https://mawdoo3.com/%D8%A7%D9%84%D8%AB%D9%82%D8%A7%D9%81%D8%A9_%D9%88%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B9%D9%84%D8%A7%D9%85 ) بڵاوکراوەتەوە، (توێژەر لە 2022/4/14 سەردانی ئەم پێگەیەی کردووە).

23- **Cambridge Dictionary** (2022), Meaning of website in English
https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/website
(Accessed 26 February 2022)

24- **Quappe, Stephanie & Cantatore, Giovanna** (2005), What is Cultural Awareness, anyway? How do I build it?
http://www.insynctraining.nl/artikelen/what_is_cultural_awareness.pdf
(Accessed 29 January 2022)

25- **NCCC, National Center for Cultural Competence** (2021), Cultural Awareness.
https://nccc.georgetown.edu/curricula/awareness/index.html
(Accessed 12 February 2022)

26- **Ciocchetti, Stefania** (2021), Cultural Awareness.
https://www.academia.edu/34591694/Cultural_Awareness.pdf
(Accessed 12 February 2022)

27- **Tilly, Marion** (2020), The 3 Types Of Awareness.
https://instituteofyou.org/3-types-of-awareness
(Accessed 26 February 2022)

28- **Reinhardt, Wolfgang, Mletzko, Christian, B. Sloep, Peter, and Drachsler, Hendrik** (2012), Understanding the meaning of awareness in Research Networks.
https://www.researchgate.net/publication/230640624
(Accessed 18 February 2022)

29- **Byte** (2022), From Wikipedia, the free encyclopedia.
https://en.wikipedia.org/wiki/Byte
(Accessed 1 August 2022)